**بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

پاڵپشت بە حوکمی بڕگەی (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (٧٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی دادوەری و لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٧)ی ڕۆژی ٢٠٢٢/٦/٢٢ ئەم یاسایەی پەسەندکرد:

## یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٢
## یاسای هەمواری پیادەکردنی یاسای چاودێری نەوجەوانان
## ژمارە (٧٦)ی ساڵی ١٩٨٣ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**ماددەی (١):**

**یەکەم:** ماددەی (٣) و بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (٤٧)ی یاسای ژمارە (٧٦)ی ساڵی ١٩٨٣ یاسای چاودێریکردنی نەوجەوانان، لە هەرێم لە کاردەخرێت.

**دووەم:** بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە، ئەم زاراوە و دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریان دەگەیەنن:-

١- **نەوجەوان (حدث):** ئەوەی تەمەنی (١١) یازدە ساڵی تەواوکردبێت و (١٨) هەژدە ساڵی تەواو نەکردبێت.

٢- **منداڵ (طفل):** ئەوەی تەمەنی (١١) یازدە ساڵی تەواونەکردبێت.

٣- **مێرمنداڵ (صبي):** ئەوەی تەمەنی (١١) یازدە ساڵی تەواوکردبێت و (١٥) پازدە ساڵی تەواو نەکردبێت.

٤- **هەرزەکار (فتى):** ئەوەی تەمەنی (١٥) پازدە ساڵی تەواوکردبێت و (١٨) هەژدە ساڵی تەواو نەکردبێت.

٥- **خاوەنەکانیان:** باوک، دایک، یان ئەو کەسەیە کە منداڵ یان مێرمنداڵێکی لەژێر سایەدابێ، یان بەبڕیارێکی دادگا یەکێ لەو دووانە پەروەردە بکات.

**سێیەم:** هەرکەسێك لەکاتی ئەنجامدانی تاوان (جريمة)دا تەمەنی (١١) یازدە ساڵی تەواونەکردبێت، داوای سزایی لەسەر ناکرێتەوە.

**ماددەی (٢) :**

پیادەکردنی ماددەی (٥٤)ی یاساکە هەموار دەکرێتەوە، و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-
دادگای نەوجەوانان پێکدێت بە سەرۆکایەتی دادوەرێك کەلانیکەم لە پۆلێنی سێیەم بێت، و دوو ئەندام یەکێکیان یاسایی و ئەوی دیکە تایبەتمەند بێت بەو زانستانەی پەیوەندیدارن بە نەوجەوانان، و خاوەن ئەزموون بن بۆ ماوەیەك کە لە (٥) پێنج ساڵ کەمتر نەبێت، دادگاکە دەڕوانێتە تاوانەکان (جنایات)، و بە سیفەتی پێداچوونەوەش بڕیارەکانی دادوەری لێکۆڵینەوە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، یەکلایی دەکاتەوە.

**ماددەی (٣) :**

پیادەکردنی ماددەی (٧٦)ی یاساکە هەموار دەکرێتەوە، و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

**یەکەم**: ئەگەر مێرمنداڵ تاوانێک ئەنجامبدات کە سزاکەی زیندانی بێت بۆ ماوەیەك کە لە (١٠) دە ساڵ زیاتر نەبێت، دادگای نەوجەوانان لەجیاتی ئەو سزایەی بەپێی یاسا بۆی دیارکراوە، بەیەکێک لەم ڕێوشوێنانەی خوارەوە حوکمی دەدات:-

١- ڕادەستکردنی بە بەخێوکەر یان یەکێک لە خزمەکانی، بۆ ماوەیەک کە لە (١) یەک ساڵ کەمتر نەبێت و لە (٣) سێ ساڵ زیاتر نەبێت، بەپێی بەڵێننامەیەکی دارایی، کە دادگا بەو شێوەیەی لەگەڵ باری داراییدا بگونجێت مەزەندەی دەکات، بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕاسپاردانەی دادگا بڕیاری لێوەدەدات، و بۆ مسۆگەرکردنی باش پەروەردە و ڕەفتارکردنی و ئەنجام نەدانی تاوانێکی دیکە.

٢- دانانی لەژێر چاودێری ڕەفتار بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

٣- دانانی لە قوتابخانەیەکی شیاندنی مێرمنداڵان بۆ ماوەیەک لە (٦) شەش مانگ کەمتر نەبێت و لە (٥) پێنج ساڵ زیاتر نەبێت.

**دووەم**: ئەگەر مێرمنداڵ تاوانێک ئەنجامبدات کە سزاکەی زیندانی بێت بۆ ماوەیەك لە (١٠) دە ساڵ زیاتربێت، پێویستە دادگای نەوجەوانان لە جیاتی ئەو سزایەی بەپێی یاسا بۆی دیاریکراوە، بە دانانی لە قوتابخانەیەکی شیاندنی مێرمنداڵان بۆ ماوەیەک کە لە (٣) سێ ساڵ کەمتر نەبێت و لە (٥) پێنج ساڵ زیاتر نەبێت، حوکمی بدات.

**سێیەم**: ئەگەر مێرمنداڵ تاوانێک ئەنجامبدات کە سزاکەی لەسێدارەدان بێت، پێویستە لەسەر دادگای نەوجەوانان لەجیاتی ئەو سزایەی بەپێی یاسا بۆی دیاریکراوە بە دانانی لە قوتابخانەی شیاندنی منداڵان بۆ ماوەیەک لە (٥) پێنج ساڵ کەمتر نەبێت و لە (١٠) دە ساڵ زیاتر نەبێت، حوکمی بدات.

**ماددەی (٤):**

پیادەکردنی ماددەی (٧٧)ی یاساکە هەمواردەکرێتەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

**یەکەم:** ئەگەر هەرزەکار تاوانێک ئەنجامبدات سزاکەی زیندانی کاتی بێت، ئەوا پێویستە لەسەر دادگای نەوجەوانان لە جیاتی ئەو سزایەی بەپێی یاسا بۆی دیاریکراوە، بە دانانی لە قوتابخانەیەکی شیاندنی هەرزەکاران بۆ ماوەیەک کە لە (٣) سێ ساڵ کەمتر نەبێت و لە (٧) حەوت ساڵ زیاتر نەبێت، حوکمی بدات.

**دووەم:** ئەگەر هەرزەکار تاوانێک ئەنجامبدات، کە سزاکەی زیندانی هەمیشەیی بێت، ئەوا پێویستە لەسەر دادگای نەوجەوانان لە جیاتی ئەو سزایەی بەپێی یاسا بۆی دیاریکراوە، بە دانانی لە قوتابخانەیەکی شیاندنی هەرزەکاران بۆ ماوەیەک لە (٤) چوار ساڵ کەمتر نەبێت و لە (٧) حەوت ساڵ زیاتر نەبێت، حوکمی بدات.

**سێیەم:** ئەگەر هەرزەکار تاوانێک ئەنجامبدات کە سزاکەی سێدارەدان بێت، ئەوا پێویستە لەسەر دادگای نەوجەوانان، لە جیاتی ئەو سزایە بەپێی یاسا بۆی دیاریکراوە، بە دانانی لە قوتابخانەی شیاندنی هەرزەکاران بۆ ماوەیەک کە لە (٥) پێنج ساڵ کەمتر نەبێت و لە (١٥) پازە ساڵ زیاتر نەبێت، حوکمی بدات.

**ماددەی (٥):**

پیادەکردنی ماددەی (٨٠)ی یاساکە هەمواردەکرێتەوە، و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

**یەکەم:** دادگای نەوجەوانان لەکاتی حوکمدانی نەوجەوان لە تاوانێک یان کەتنێک بە ڕێوشوێنێکی ئازادی لێسێنەر بۆ ماوەیەک کە لە (١) یەک ساڵ زیاتر نەبێت، دەتوانێت بڕیاری ڕاگرتنی ئەم ڕێوشوێنە بۆ ماوەی (٢) دوو ساڵ بدات، و ئەوەش لە ڕێکەوتی حوکمەکەوە دەستپێدەکات، ئەگەر لە ڕەوشتی نەوجەوانەکە و ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوەی کەسایەتی و بارودۆخی تاوانەکە شتێکی بینی ببێتە مایەی باوەڕبوون بەوەی کە تاوانێکی نوێ ئەنجام نادات، دوای ئەوەی بەخێوکار یان یەکێک لە خزمەکانی پابەند دەکرێت بە پێشکەشکردنی بەڵێننامەیەک بە باش پەروەردەکردن و ڕاستکردنەوەی لەماوەی ڕاگرتنیدا و سپاردنی بڕە پارەیەک بە سندوقی دادگا، کە بڕەکەی بەو شێوەیەی لەگەڵ باری دارایدا بگونجێت لەلایەن دادگاوە دیاریدەکرێت، لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی حوکمی ماددەکانی (١٤٧)، (١٤٨) و (١٤٩)ی یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩.

**دووەم:** ئەگەر نەوجەوان لەکاتی حوکمدانی لە تاوانێک یان کەتنێک بە ڕێوشوێنێکی ئازادی لێسێنەر بۆ ماوەیەک کە لە (١) یەک ساڵ زیاتر نەبێت، تەمەنی (١٨) هەژدە ساڵی تەواو بکات، ئەوا دادگای نەوجەوانان دەتوانێت بڕیاری ڕاگرتنی ئەم ڕێوشوێنە بدات، لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی حوکمی ماددەکانی (١١٨)، (١٤٥)، (١٤٦)، (١٤٧)، (١٤٨) و (١٤٩)ی یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ لەبەرچاو دەگیرێت.

**ماددەی (٦):**

یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠١، یاسای دیاریکردنی تەمەنی جینائی لە هەرێمی کوردستان هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی (٧):**

کار بە دەقی هیچ یاسا یان بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک بێت.

**ماددەی (٨):**

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (٩):**

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچوواندن**

لەپێناو دەستەبەرکردنی دەسەڵاتێکی فراوانتر بۆ دادگای نەوجەوانان لە هەڵبژاردنی ڕێوشوێنی هەمە جۆرتر بەو شێوەیەی نەبێتە مایەی دوورخستنەوەی نەوجەوان لە خێزانەکەی، و بەمەبەستی جیاوازیکردن لە نێوان بەرپرسیارێتی مێرمنداڵ و هەرزەکار، ئەم یاسایە دەرچویندرا.

یاساکە بە دەرچوو دەژمێردرێ بە تێپەربوونی ماوەی یاسایی دەرچوواندنی بەپێی حوکمی خاڵی (٢)ی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (١٠)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو و بڕگەی (دەیەم) لە ماددەی (١٨)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق.